www.kurdistannet.org
17-6-2007 22:43بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

بەشی یەکەم:



## بۆ پێکەنین! ... شێروان بێ دڵ

فڕی فڕی قەل فڕی
قەلیان خوارد سەریان بڕی؟
ئەوادێ سەلاحەدین
بەعەگال و کراسی شین
گەر تەماشای وورگی کەیت
دەمری لەبەر پێکەنین
ئەو سەرزلە گەورەیە
گیانی هەموی بەهرەیە
لە بەغدا دا دەنیشێ و
مەرتەبەی گەورەی هەیە
بەبەغای قوورمیش کراو
تێک چەقیوەو دارماو
نازانێ کوردی دوان
تەنها ئەوەندەی لێ دی
لە چیا بیکەیە شوان
زۆر کەس لەپەرلەمانە
دزە زۆر بەستەزمانە
ناوی هەیەو مەزنە
بەڵام لە هۆش و شعور
بێ هۆشە وەک بزنە
کێ دەروێشی سووڵتانە
ئەو ئاغا کلک پانە
کوردستانی دابڕی
ئەم دەم چەفت و هەتیوە
پارەی بەسەر باریوە
زۆڵە خاوەن بەهرەیە
وەک ڕێوی مەکری هەیە
مافی چارەی خۆ نوسین
بەگەندەڵی و بەدزین
چاوچنۆک بەس بێ ڕاوت

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

جارێک زگت بسووتێ
بە گەلی ماف خوراووت
یاسایەکی دەرنەکرد
دژ بەکوشتنی ژنان
دیارە تەنها بۆ خەو!
دانیشتووی لە پەرلەمان
بازرگانی و رۆژنامە
هەناسەش بەدەست ئەوە
ئای لە حوکمی زۆرداری
ئای لەحوکمی نارەوا
زۆر کەسی نا رۆشنبیر
بە مۆرێک دەبتە وەزیر
" نەسرین بەرواری" باشە
تەنها بشێلێ هەویر!
مۆ بایل لەیلە علوی
ئەوەی دەیلێی هەمانە
گەر لە دەرمان دەگەرێ ی
برۆ سەر عەرەبانە!
ئەو مەسینە هەلگرەی
لە پشت ئاغا دەوەستی
گەر پشتت قایم نەبا
کەریان پێ نە دەبەستی!
کارەباو برینی ئاو
بۆتە پیشەی رۆژانە
زۆر کەس نیگەران بوە
وا دەچێتە شێت خانە
خراپترین خانی بکرێ
نرخی هەر دە دەفتەرە
زۆر شتی ناخۆش هەیە
نایلێم چوونکە خەتەرە
ئەو کەسەی دوێنێ جاش بوو
ئێستاش هەر هەمان کەرە
خەلکی برسی و هەژاریش
ناو دلی پر ئاگرە
خانووبەرەی رازاوە
سەگباب لە کوێت هێناوە؟!!
ئەو مالە مالی دزە؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

یا ماڵی لێپرساواوا؟!
خۆفرۆشی تاوانە
زوورنا لێمەدە گیانە
کە کەرکوک ئازاد نەکەی
چۆن قودسی کوردستانە!
خاوەن قۆچانی ڕەشە
زەووتی کرد ئەم ((هەولێرە))
حاکمی زەبر بەدەست
خاوەنی شەڕ و خێرە
حەزی لە تورشی و خەلە
خواردنی گۆشتی قەلە
بیر کردنەوەی پێ ناوێ
وەڵامی ئەو مەتەڵە
مافی ئافرەت خوراوە
بێ قەید وشەرت و گومان
ئێستاش چاووی بەخەوە؟!
ئەندامەکەی پەرلەمان
یاسای دزی و گەندەڵی
ڕاست نیەو هەر دەشەلی
ئافەرین بۆ ئەو کەسەی
کە دەگونجێ لەگەڵی!
جارێ نەمان بیستوە
فەرمان ڕەواو گەورەیێ
کارەبا و ئاوی ببڕێ
شاری شەبەح ئیتالێ
پارەی ئەوها خەیالی
لێپرسراوێکت دیوە
بێ کارەبا بێ ماڵی!!
دیارە ئەو " ئاشە " تەنها
بۆ هەژاران دەگەڕێ!!
ئەو کەسەی دزی دەکات
یاخوا تەختی وەرگەڕێ
فڕی فڕی قەل فڕی
قەلیان خوارد سەریان بڕی؟
بترسێ لە ئاوی مەنگ
قوتەبنەی ملیاردێر
گۆشتی دەخورێ وەک نەهەنگ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەوادێ سەلاحەدین
بەعەگال و کراسی شین
ئەوەندە خۆی دەخورێنێ
لەشی پڕە لە برین
هەرچەند ئەو شیعرە ڕاستە
دامناوە بۆ پێکەنین

تێ بینی بەشی دوەمی ئەو هۆنراوەیە کەلەسەر "تووند ڕەوی ئیسلامی و خۆ تەقینەوەیە" لە ئایندەیەکی زوو لە ((کوردستان نێت)) ی خۆشەویست بڵاو دەبێتەوە داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر ئەم هۆنراوەیە هیچ بەهرەیەکی هونەری تێدا نەبێت من تەنها بۆ خۆشی خوێنەران کەداوایان لێ کردوم لەسەر بارو دۆخی کوردستان و سیاسەت مەداران ئەو شیعرەیان بۆ بنوسم هیوادارم بە دڵی ئەو برادەرانە بێت کە حەزیان لە شیعری بۆ پێکەنینە!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.